# کۆیە، شارێکی مردووە یا زیندووە؟[1]

ئەگەر سەیری مێژووی شاری کۆیە بکەین، سەدەی بیست بە نموونە وەرگرین، بەدەیان کەسایەتیی دیار و ناودار دروست بوون، لەوانە: عاسی- شاعیر (١٨٩٢-١٩٧٥)، سامی عەوداڵ- شاعیر (١٩١٠-١٩٨٥)، نەجیبەخانی جەلی زادە- چالاکوانی بواری ژنان (١٩١٧-١٩٩٩)، دڵدار- شاعیر (١٩١٨-١٩٤٨)، مەسعوود محەمەد- هزرمەند و نووسەر (١٩١٩-٢٠٠٢)، تاهیر ئەحمەد حەوێزی- مێژوونووس (١٩١٩-٢٠٠٠)، تاهیر تۆفیق- گۆرانیبێژ (١٩٢٢-١٩٨٨)، محەمەد تۆفیق وەردی- شاعیر (١٩٢٣-١٩٧٥).. ئەڵبەتە لە پێشوودا، حاجی قادری کۆیی- شاعیر (١٨١٧-١٩٨٧)، مەلای گەورە (١٨٧٦-١٩٤٣)، خاوەنی گەورەترین تەفسیری قورئانە، چاپی یەکەمی لە ١٠ بەرگ پێک هاتووە، زیاتر لە (٣٥٠٠) لاپەڕەیە، سێوە- گۆرانیبێژ (١٨٩٠-١٩٦٣).

هەریەک لەوان لە بوارێکدا خزمەتی بەرچاویان کردووە و ڕۆڵی گرنگیان بینیوە، لە برەودان بە ڕەوتی ڕۆشنبیری کوردستان بە گشتی و کۆیە بەتایبەتی. ئەڵبەتە کەسانی تری هاوشێوە لە بواری ئەدەبی، مێژوویی، هزری، ئاینی، سیاسی، لە نێو پانتایی ناوچەکە وەدیار کەوتن کە دەکرێ ئەو سەردەمە بە "سەردەمی زێڕینی کۆیە" ناو بەرین. ئەگەرچی لەو سەردەمەدا ناوەند و ڕێکخراو و بنکەی ئەدەبی و هونەری لە شارەکەدا کەم بووە، لەکاتێکدا ئێستە کۆیە خاوەنی (زانکۆ، پەیمانگەی تەکنیکی، پەیمانگەی تایبەت، دەیان ڕێکخراو، ناوەند و سەنتەر.. هتد)ە. بەڵام، لە دۆخێکی خراپی ڕۆشنبیری و ماریفیدایە. لە ڕاستیدا کۆیە شانازی بە مێژووی ناوچەکەی دەکات، لەمبارەیەوە گوتراوە "هەر شارێک پشت بەمێژووەکەی ببەستێ، ئەوکاتەی تێیدایە لاوازە".

لە سەدەی ڕابردوودا، کۆیە ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگ بووە، لە نێوان هەولێر، سلێمانی، کەرکووک و بەستنەوەی بە بیتوێن و پشدەر و شارەکانی ڕۆژهەلات، بەتایبەت پیرانشەهر و مەهاباد و بۆکان. خاوەنی "خانی گەورەی

---

[1] ئەم وتارە لە لاپەڕە ١٧ی هەفتەنامەی وشە، ژمارە ١٧٢، چوارشەممە، ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.

کۆیە" بووە کە بازاڕێکی گەورە و کاروانسەرا بووە، گەشتیاران و هاتوچۆکەرانی نێوان ئەو شارانە لەو خانەدا ماونەتەوە، تەنانەت وەک هۆتێل سوودی لێ وەرگیراوە.

لەڕووی کارگێڕییەوە، کۆیە زۆر فراوان بووە، بەشێوەیەک هەولێر و شەقڵاوە و ڕانیە و تەنانەت پردێ سەر بە کۆیە بوون، هێدی هێدی کۆیە بچووک کرایەوە، تەنانەت لە ساڵی ١٩٨٧ لە شارۆکەوە کرا بە شارەدێ، لە بنەڕەتیشدا کۆیە سەر پارێزگای کەرکووک بوو، دواتر خرایە سەر پارێزگای سلێمانی، لە ئێستەشدا سەر بە پارێزگای هەولێرە.

لەڕووی داهاتەوە، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بە ژێرخانێکی ئابووری گرنگی شارەکە هەژمار دەکرا، بەشێوەیەک زۆربەی دانیشتووانەکەی خاوەن داهاتی تایبەت و سەربەخۆ بوون. لەڕووی بیناسازی و کارەوە، (خانی گەورە، مزگەوتی گەورە و قشڵەی کۆیە) بوونی هەبووە کە بە بەشێک لە کولتوور و مێژووی کۆیە دادەنرێ.

لە ئێستەدا وردە وردە کۆیە بەرەودوا دەکشێ، لە ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگەوە، بەرەو بە "پشت ئاو" بوون، دەچێ، لەبەر ئەوەی وەک ڕێگەیەکی سەرەکیی نێوان شارەکان نەماوە. لەڕووی داهاتەوە، تەنیا پشت بە مووچە دەبەستن و داهاتی سەرەکیی دانیشتووانی شارەکەیە. لەڕووی بیناسازی و پێشکەوتنی ڕووخسارەوە، پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە کە شیاوی باسکردن بێت و جیاواز بێ لە شار و شارۆکەکانی تری کوردستان.

کۆیە لە ساڵی (١٩١٨) بووە بە شارۆکە "قەزا"، هەڵەبجە لە ساڵی (١٩٢٢) بووە بە شارۆکە، کەلار، ساڵی (١٩٧٠) بووە بە شارۆکە، سۆران، ساڵی (١٩٨٠) بووە بە شارۆکە. ئەگەر بەراوردی شارۆکەی کۆیە بکەن بە شارۆکەکانی تری هەرێمی کوردستان، دەبینین لە ڕیزی پشتەوەی شارۆکەکاندایە، لەکاتێکدا کۆیە شارۆکەیەکی کۆنی کوردستانە و پێش ئەو شارانەی تر بووە بە شارۆکە کە ناومان هێنان.

کۆیە شارێکە توانای هەڵگرتنی کتێبخانەیەکی شیاوی تایبەت بەخۆی نییە، لە ساڵی (٢٠١٤)دا بەنێوی "مەسعوود محەمەد" کتێبخانەیەک کرایەوە، بەهۆی

نەبوونی خوێنەر، لە دوای چوار مانگ داخرا. توانای لە خۆگرتنی هۆتێلێکی مانەوەی گەشتیاری نییە. خواردنگەیەکی گونجاو لە شارەکەدا بوونی نییە. ئەو شارە دوورە لە هەموو بەرجەستەکراوەکان، کووچە و کۆلانەکانی خاڵییە لە دیمەن، بینا و باڵەخانەکانی شەوقی نەماوە.

لە ئێستەدا لەڕووی ئەدەبیات، فەرهەنگ، ڕۆشنبیری و دروستکردنی کەسایەتیی دیار و بەتوانا و لێهاتوو، لە دۆخێکی خراپدایە، بە بەراورد بە سەدەی رابردوو، لە حاڵی مردندایە. کەسێکی کوردستانی نییە جێگەی باس بێ، جیا لە چەند کەسێکی لۆکاڵی.

لەبەرئەوە، دەکرێ بڵێین: کۆیە مردووە، لەبەرئەوەی توانای داهێنانی نەماوە. ناتوانێ درێژە بە مێژووی زێڕینی بدا. کۆیە لە حاڵەتێکی نۆستالۆژیادا دەژی. ناتوانێ هیچ داهێنانێک بکا چونکە شانازی بە مێژووەکەی دەکات!. نایەوێ، یان ڕۆحی بەردەوامبوون و داهێنانی نەماوە!.

تکایە، فریای کۆیە بکەون! تا نەگوازراوەتەوە بۆ گۆڕستان.